# بەند و مەرجەکانی (پاکێجەکانی بزنس فلێکس بۆ بازرگانی)

(1) تکایە پێش دەستگەیشتن یان بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکان ئەم بەند و مەرجانە بە وردی بخوێنەرەوە. و دەتوانیت کۆپییەکی ئەم مەرجانە چاپ بکەیت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەکاری بهێنیت.

(2) زاراوەکانی دەستەواژەکانی "بەکارهێنەر، بەکارهێنەران" کە لەم بەند و مەرجانەدا هاتوون ئاماژەن بۆ بەشداربوو/بەشداربووانی کۆمپانیای ئاسیاسێل بۆ پەیوەندییەکان – پشکداری تایبەت.

(3) بەند و مەرجەکان شێوازی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لەلایەن ئاسیاسێلەوە بۆ بەشداربووان دیاریدەکەن. ئەم مەرجانە و هەر مەرجێکی تری تایبەت بە خزمەتگوزاری و گرێبەستی نێوان ئاسیاسێل و بەشداربوو، سروشتی پەیوەندیی نێوانیان پێکدەهێنن.

(4) بەکارهێنەرانی ئێستا و نوێی هێڵەکانی کۆمپانیاکان، دامەزراوەکان و خاوەن کارەکانی جۆری ئەعمالی کۆنترۆڵ سوپەری، یان هێڵەکانی ئینتەرنێتی کۆمپانیاکان، دەتوانن بەشداری لە پاکێجەکانی بزنس فلێکس بکەن ئەگەر داوای بکەن.

(5) پاکێجی بزنس فلێکسی بازرگانی بریتیە لە کۆمەڵێک پاکێجی چوار مانگانە کە دەتوانرێت یەکێکیان هەڵبژێردرێت بۆ بەکارهێنان لە هەموو عێراقدا، کۆمەڵێک فلیکسی گواستراوە دەدات بە بەکارهێنەر لەکاتی بەکارهێنانی بەپێی جۆری ڕێکخستنی کۆنترۆڵی پاکێجەکەی، دەتوانرێت بۆ پەیوەندی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، نامە و ئینتەرنێت بەکاربهێنرێت، هەروەها 3,500 خولەک بۆ پەیوەندییەکانی ناو هێڵەکان دەدات، پاکێجەکە بۆ ماوەی 30 ڕۆژ لە ڕۆژی بەشداریکردن یان نوێکردنەوە کارا دەبێت.

| ناوی پاکێج | بەشداریکردنی مانگانە | ژمارەی فلێکسی بەردەست | خولەک لەناو هێڵە بازرگانییەکاندا | ژمارەی بەشداریکردنی پاکێج |
|---|---|---|---|---|
| فلێکس 10 | 10,000 دینار | 11,000 | 3500 | 1 |
| فلێکس 15 | 15,000 دینار | 36,000 | 3500 | 2 |
| فلێکس 25 | 25,000 دینار | 75,000 | 3500 | 3 |
| فلێکس 35 | 35,000 دینار | 112,000 | 3500 | 4 |

(6) بەکارهێنەر دەتوانێت بزانێت بری باڵانسی حسابەکەی چەند ماوەتەوە لە حسابی پریپەید لە ڕێی {USSD} ـەوە بە بەکارهێنانی کۆدی {*133#} (بێبەرامبەر) ئەگەر هێڵەکە ڕانەگیرابێت.

(7) بەکارهێنەر دەتوانێت داوای بەشداریکردن لە پاکێجەکان بکات بە ناردنی کۆدی پاکێجەکە بە کورتەنامە بۆ 377 یان لە ڕێی ئەپڵیکەیشنی مۆبایلی ئاسیاسێلەوە، یان داواکاری چالاککردن لە تیمی فرۆشتنی کۆمپانیاکە بکات. و بەکارهێنەر بە کورتەنامەوە ئاگادار دەکرێتەوە لە ئەنجامی داواکاریەکە.

(8) بەکارهێنەر دەتوانێت لە هەر کاتێکدا بەشداریکردن ڕابگرێت بە ناردنی 0 بۆ 377، بەڵام یەکەکانی پاکێجی بەکارنەهێنراو دەمێننەوە تا پاکێجەکە بەسەر دەچێت. و بەکارهێنەر لە ڕێی کورتەنامەوە لە ئەنجامی داواکارییەکە ئاگادار دەکرێتەوە.

(9) لە ئەگەری چالاککردن/چالاککردنەوە/ناچالاککردنی پاکێجەکە پەیامێکی ئاگادارکردنەوە بۆ بەشداربوو دەنێردرێت. لە ئەگەری نوێکردنەوەی پاکێجەکەدا، دوو ڕۆژ پێش بەرواری نوێکردنەوە، کورتەنامەیەکی ئاگادارکردنەوە دەنێردرێت بۆ بەکارهێنەر لەبەر ئەوەی دڵنیابێت کە هێڵەکەی باڵانسی پێویستی هەیە بۆ نوێکردنەوەی پاکێجەکە.

(10) پاکێجی بزنس فلێکس بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی نوێ دەکرێتەوە پاش {30} ڕۆژ لە ڕۆژی چالاککردنی، ئەگەر باڵانسی پێویست بەردەستبێت، و بری ماوە لە پاکێجی پێشوو هەڵدەوەشێتەوە لە کاتی بەسەرچوونی. بەشداربوو بە کورتە نامەیەک ئاگادار دەکرێتەوە لە ناوی پاکێجەکە و بری یەکە نوێیەکانی کە تێیدایە.

(11) یەکەکانی پاکێجی بزنس فلێکس تەنها لەناو عێراقدا دەتوانرێت بەکاربهێنرێت، و لە دەرەوەی عێراق پاکێجی ڕۆمینگ دەتوانرێت بەکاربهێنرێت.

(12) بەکارهێنەر ناتوانێت لە هەمان کاتدا بەشداری زیاتر لە یەک پاکێج بکات، بەڵام دەتوانێت پاکێجی ئێستا ڕابگرێت و بەشداری لە پاکێجێکی نوێ بکات کە تەنها لە پاکێجە نوێکە نوێ دەکرێتەوە، و کارایی هەر پاکێجێک بەپێی ڕۆژی چالاکبوونی دەبێت.

(13) فلێکسی پاکێجی بەکارنەهێنراو ناگوازرێنەوە؛ ئەگەر جۆری هێڵەکە بگۆڕدرێت بۆ هێڵێکی تر کە پشتگیری ناکات.

(14) یەکەکانی پاکێجی بزنس فلێکس پێشینەی بەکارهێنانی دەبێت، ئەگەر پاکێجی تر هەبێت، وەک پاکێجی خێرایی ئینتەرنێت، و ئەگەر ئامادەکردنی پاکێجەکە ڕێگە بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت دەدات، بەکارهێنانی ئینتەرنێتەکە لە فلێکسەکانی پاکێجی بەردەست دەبردرێت.

(15) بەکارهێنەران دەتوانن پرسیار لەبارەی ئەم خزمەتگوزارییە بکەن بە پەیوەندیکردن بە خزمەتگوزاری بەشداربووانی کۆمپانیا 323 (بێبەرامبەر).

(16) دەتوانرێت فلێکسەکانی پاکێج بەکاربهێنرێت بۆ پەیوەندیکردن و نامە و ئینتەرنێت، بەپێی جۆری ڕێکخستنی کۆنترۆڵی بەکارهێنانی پاکێجەکە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| جۆری بەکارهێنان | نرخ بە فلێکس |
|---|---|
| **پەیوەندییە ناوخۆییەکان** | 2 فلێکس لە چرکەیەکدا بۆ هەموو تۆڕەکان |
| **نامە ناوخۆییەکان** | 70 فلێکس بۆ هەر نامەیەک |
| **ئینتەرنێت** | 1 فلێکس بۆ هەر0.25 مێگابایت *** |
| **پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان** | 3000 فلێکس لە خولەکێکدا |
| **نامە نێودەوڵەتیەکان** | 300 فلێکس بۆ نامەیەک |

*** ئەگەر بەشداربوو 1.1 مێگابایت بەکاربهێنێت، 5 فلێکس لە پاکێجەکە هەژمار دەکرێت

***** لە ئەگەری ئەوەی کە باڵانسی تەواو لە فلیکسەکانی پاکێجەکە نەبێت، تێچووی پەیوەندییەکان لە باڵانسی هێڵەکەوە حیسابی بۆ دەکرێت.

(17) ئەگەر هێڵەکە ڕاگیرابێت، نوێکردنەوەی پاکێجی هێڵەکە ڕادەگیرێت تاوەکو بالانسەکە پڕدەکرێتەوە، چونکە بەشداربوو ناتوانێت پاکێجەکە بەکاربهێنێت هەتا ڕاگرتنی خزمەتگوزاریەکە لادەبرێت.

(18) نرخی پەیوەندییەکان بەپێی جۆری هێڵەکە حیسابی بۆ دەکرێت ئەگەر یەکەی پاکێجی هێڵەکە تەواو بێت، لە باڵانسی هێڵەکە دەبردرێت.

(19) بەشداربوو دەتوانێت جۆری بەکارهێنانی پاکێجەکە دیاری بکات بە ناردنی کۆدی پێویست بۆ ژمارەی کورت 377 و بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| کۆدی ڕێکخستن | جۆری دیاریکردنی بەکارهێنانی پاکێج |
|---|---|
| 10 | ڕێگە بە هەموو بەکارهێنانەکان {پەیوەندی ناوخۆیی، کورتەنامە، ئینتەرنێت، پەیوەندی نێودەوڵەتی} |
| 11 | ڕێگەدان بە {پەیوەندی ناوخۆیی، کورتەنامە، ئینتەرنێت} بە لێدەرکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان |
| 12 | ڕێگەدان بە {پەیوەندی ناوخۆیی، کورتەنامە} بە لێدەرکردنی ئینتەرنێت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان |
| 13 | ڕێگەدان بە {پەیوەندی ناوخۆیی، ئینتەرنێت} بە لێدەرکردنی کورتەنامە و پەیوەندی نێودەوڵەتی |
| 14 | ڕێگەدان بە {تەنها پەیوەندی ناوخۆیی} بە لێدەرکردنی کورتەنامە و ئینتەرنێت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان |
| 15 | ڕێگەدان بە {تەنها پەیوەندی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی} بە لێدەرکردنی کورتەنامە و ئینتەرنێت |

(20) دەتوانرێت جۆری بەکارهێنانی "پاکێجی چالاک" زیاتر لە جارێک لە ماوەی کارایی پاکێجەکەدا دیاری بکرێت، و بەکارهێنەرەکە لە ڕێگەی کورتەنامەوە ئاگادار دەکرێتەوە بە ئەنجامەکە.

(21) جۆری بەکارهێنانی پاکێجەکە دەبێت دووبارە هەڵبژێردرێتەوە لە ئەگەری چالاککردنەوە بەپێی پێویست، و ناتوانرێت جۆری بەکارهێنانی پاکێجەکە دوای ڕاگرتنی دیاری بکرێت.

(22) لە کاتی بەشداریکردن لە پاکێجەکەدا، بەکارهێنەر بە کورتەنامە ئاگادار دەکرێتەوە بە هەموو کۆدەکان لەخۆ دەگرێت بۆ دانانی جۆرەکانی بەکارهێنانی پاکێجەکە.

(23) لە حاڵەتی بەکارهێنانی هێڵەکانی ئینتەرنێتی کۆمپانیاکان، دەتوانرێت پاکێجەکە تەنها بۆ ئینتەرنێت و کورتەنامە بەکاربهێنرێت.

(24) لەگەڵ ڕاگرتنی بەشداریکردن لە پاکێجەکەدا، جۆری ڕێکخستنی کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانیش ڕادەگیرێت، واتە هەموو بەکارهێنانەکان ڕێگەپێدراو دەبن.

(25) لە ئەگەری نوێ نەکردنەوەی پاکێجی بزنس فلێکس، پاکێجەکە ڕادەگیرێت تاوەکو هێڵەکە بە باڵانسی پێویست پڕ دەکرێتەوە وهەروەها خولەکی پاکێجەکە لەناو هێڵە بازرگانیەکاندا نادرێت. و بەشداربوو بە کورتەنامەیەک لەم بارەیەوە ئاگادار دەکرێتەوە.

(26) بەکارهێنەرەکە بە کورتەنامەیەکی بێبەرامبەر ئاگادار دەکرێتەوە ئەگەر فلیکسەکانی پاکێجەکە تەواو بووبن، و ئەگەر بە سەرکەوتوویی نوێ کرابووە یان جۆری بەکارهێنانی پاکێجەکە گۆڕدرابوو.

(27) بەکارهێنەر لە ڕێی کورتە نامەیەکەوە ئاگادار دەکرێتەوە کە ناتوانێت بەشداری لە پاکێجەکەدا بکات ئەگەر هێڵەکەی پێشتر بەشداری لە پاکێجێکی چالاکدا کردبێت، چونکە پێویستە بەشداریکردنی پێشوو ڕابگرێت و دووبارە بەشداری بکاتەوە بۆ پاکێجی نوێ، و تەنها پاکێجی نوێ بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی نوێ دەکرێتەوە.

(28) کوالیتی خزمەتگوزارییەکان هەندێک جار کەوتۆتە ژێر هۆکارگەلێکەوە کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئاسیاسێڵن. بەهۆی سروشتی خزمەتگوزارییەکان، ئاسیاسێڵ ناتوانێت گەرەنتی ئەوە بکات کە خزمەتگوزارییەکان لە هەموو ناوچەکان لە هەموو کاتێکدا بەردەست دەبن، یان بەبێ هیچ پچڕانێک کە لە ئەنجامی پچڕان یان وەستاندنی خزمەتگوزارییەکان سەرهەڵبدات.
ڕەنگە هەندێک جار ئاسیاسێڵ کاری چاککردنەوە لەسەر تۆڕەکانی ئەنجام بدات و هەڵەکان ڕاست بکاتەوە، کە لەوانەیە ببێتە هۆی پچڕانی خزمەتگوزارییەکان.

(29) بەکارهێنەر پابەندە بە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە، و بەپێی یاساکانی عێراق، و بە تایبەتی، خزمەتگوزارییەکان بەکارنەهێنێت بۆ ئەنجامدانی هەر پەیوەندییەکی بێزارکەر، نەشیاو، هەڕەشە یان فڕیودەر، یان ناردنی هەر کورتەنامەیەکی سپام یان هەر ئیمەیڵێکی نەخوازراو یان بۆ ئەنجامدانی ساختەکاری یان هەر کردەوەیەکی تاوانکاری.

(30) ئاسیاسێڵ بەرپرسیار نییە لە کڕینی هیچ سیمێک یان هەر بەرهەمێک یان خزمەتگوزارییەکی تری ئاسیاسێڵ لە بریکاری بێ مۆڵەت یان هەر کەسێک کە ڕێگەپێدراو نییە بۆ ئەو کارە.

(31) بەکارهێنەر بەرپرسیارە لە پێشکەشکردنی زانیاری کەسیی ورد و نوێ کە بە بەڵگەنامەی ڕەوا و ڕەسەن (ئەسڵی) پشتگیری کرابێت و وەکو ئەوەی کە لە یاسا کارپێکراوەکان و فەرمان و ڕێنماییە پەیوەندیدارەکانی تردا هاتووە کە لەلایەن دەسەڵاتە فەرمیەکانەوە دەرچووە.

(32) بەکارهێنەر دەبێت ئاسیاسێڵ ئاگادار بکاتەوە کاتێک هەریەکێک لە زانیارییە کەسییەکانی پێشکەشکراو دەگۆڕێت لە ماوەی (3) ڕۆژدا دوای ڕوودانی گۆڕانکارییەکە.

(33) ئاسیاسێڵ مافی خۆیەتی بۆ گۆڕینی هەر خزمەتگوزاری، ئۆفەر یان پاکێج و هەر بڕگەیەکی ئەم بەند ومەرجانە بگۆڕێت، هەڵبوەشێنێتەوە یان دەستکاری بکات بەبێ ئاماژەدان بە بەکارهێنەر(ەکان). لە ئەگەری ئەوەی کە هەریەکێک لەم گۆڕانکاریانە لێکەوتەی نەرێنی بۆ بەکارهێنەر هەبێت، ئاسیاسێڵ پێش جێبەجێکردنیان بەکارهێنەر ئاگادار دەکاتەوە و بەکارهێنەر ئازاد دەبێت لە نێوان بەردەوامبوون لە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکە، یان بەشداریکردن لە هێڵێکی تر هەڵبژێرێت.

(34) ئاسیاسێڵ بەرپرسیار نابێت بەرامبەر بە بەشداربوو یان هەر یەکێک لە بەکارهێنەرانی لە هەر زیانێکی کار، داهات، قازانج، پاشەکەوتی پێشبینیکراو، لەدەستدانی هەر داتایەک، یان هەر زیانێکی ناڕاستەوخۆ یان دەرەنجامێک کە بەکارهێنەر یان بەکاربەرەکەی تووشی بووە.

(35) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەند و مەرجەکانی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانمان، تکایە سەردانی ماڵپەڕی ئاسیاسێڵ بکەن: http://www.asiacell.com/.

(36) پێناسەی "ڕۆژ" لەسەر بنەمای کاتی ناوخۆیی عێراقە، لە کاتژمێر12:00:00 نیوەشەوەوە (00:00:00) دەستپێدەکات تاوەکو کاتژمێر 11:59:59 ئێوارە (23:59:59).

(37) ڤێرژنی عەرەبی بۆ لێکدانەوە پشت دەبەسترێت بەم بەند و مەرجانە، و هەروەها یاسایی و مەبەستی هاوشێوەی دیکە لەبەرچاو دەگیرێت، و لە حاڵەتی ناکۆکی نێوان ڤێرژنەکانی تری ئەم بەند و مەرجانە، ڤێرژنە عەرەبییەکە کە پشتی پێ دەبەسترێت.

(38) بەکارهێنەر پابەندە بە پێدانی هەموو ئەو بڕە باجانە یان هاوشێوەکانی کە لەلایەن دەوڵەتەوە بەسەر بەکارهێنەردا دەسەپێندرێت لە هەر کاتێکدا لە ماوەی کارایی گرێبەستەکە یان ماوەکانی نوێکردنەوەدا، و دەبێت لەلایەن بەکارهێنەرەوە بدرێت لە هەر یەکێک بە شێوەیەک کە بەپێی یاسا و ڕێنماییە پەیوەندیدارەکان دیاری کراوە.